North America Committee of
Komala Party – Iranian Kurdistan

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
مەڵبەندی ئامریکای باکوور

## راپۆرتی ڕێورەسمی رۆژی کۆمەڵە لە تۆرنتۆی کەنەدا

# ٢٦ی ڕێبەندان پیرۆزبێت

سەر لە ئێوارەی رۆژی٢ی فێوریە ٢٠٠٨ رێکەوت لەگەڵ ١٢ی بەهمەن ١٣٨٦ لەشاری تۆرنتۆی کەنەدا مەراسمێکی بەشکۆوە بۆ رێزلێنان لە رۆژی کۆمەڵە بەرێوە چوو. کۆمیتە مەڵبەندی ئامریکای باکووری کۆمەڵە ئەم ساڵیش وەکوو هەمیشە گرینگی تای بەتی بە 26ی رێبەندان سالرۆژی دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای کۆمەڵە داۆ ئەو بە ڵێنەی دوپات کردەوە کە رێزگرتن لە گیانبە ختکردوانو پێشمەرگە کۆڵنەدەرەکانی کۆمەڵەو هەموو رێبازی پیرۆزی کۆمەڵە ئەرکێکی مێژویی و هەمیشەییە.

هەربۆیە کۆمیتەی تایبەتی بەرێوەبەری ڕێورۆسمی رۆژی کۆمەڵە ئامادەکاریۆ کاری زۆری بۆ ئەۆ مەبەستە ئەنجامدا و تۆانی مەراسمێکی بێوینە بەرێوەبەرێ. یەکیک لە رازاوەترین ساڵۆنەکەنی شاری تۆرنتۆ بۆ ئەممەبەستە تەرخانکرا کەسەرەرای گەۆرەیی شۆێنەکە پێشۆازی خەڵک هیندە زۆر بوکە سالۆنەکە هەر لە سەعاتە کانی ئەۆڵی دەستپێکردنی بەرنامەکان پڕبۆ لە خەڵکانێک کە لە شارەکانی دوورو نزیکەۆە سەرەڕای بەفرێکی زۆر کە شەوی پێش باریبوو خۆیان گەیاندبوە شۆێنی ئاهەنگەکە. جێگای باسەکە ژمارەی بەشداربۆان لە مەراسمی ساڵرۆژی کۆمەڵە لە٩٠٠ کەس تێپەر بوو. ناۆ ژوری سالۆنەکە جەوێکی سەرنج راکێشی بوبەدروشمی پشتگری لە شۆرشی حەقخۆازانەی گەلی کورد، فدرالی بۆ ئێران و دروشمەکانی کۆمەڵەهەروەها ۆێنەکانی هاۆرێیانی گیانبەخت کردۆی کۆمەڵە کاک فواد، دوکتۆر جعفەر. کاک سەدیق کەمانگەر و کاک حەمەحسێینی کە ریمی ۆێرای بلاۆبونەۆەی سرودەکانی کۆمەڵە رازابۆۆە.

بەرنامەکانی رۆژی کۆمەڵە کاتژمێر ٨ی شەۆ بەبەخێرهاتن کردنی

گەرم لە لایەن بەڕێوەبەری مەراسمەکە هاوڕێ ئەرشەد خزری دەستیپیکرد پاشان دەقیقەیێک بێدەنگی بۆ ڕێزی، گیانبەختکردوانی کۆمەڵەو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریو ئازادی گەلی کوردستان ڕاگەیێنرا کە بە سرودی بانگەواز بێدەنگیەکە شکا. خوێندنەوەی مێژوی ڕۆژی کۆمەڵە و چۆنیەتی گیانبەختکردنی هاوڕێ حەمە حوسێینی کەریمی لە لایەن هاوڕێ ئەرشەد بەشی دیکەی بەرنامەکان بو. ووتاری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەلەلایەن هاوڕێ محەمەد شافعی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆرسگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پێشکەشکرا، هاوڕێ محەمەد شافعی لە سەر گرینگی ڕۆژی کۆمەڵە و جێکەوتنی وەک ڕۆژێکی مێژویی لە خەباتی میللەتی بندەستی کورد دواو ئاماژەی بەوەش کرد کە کۆمەڵە وەرچەرخانێکی گەورەی لە خەباتی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات ساز کرد توانی زۆر زو ببێتە حیزبێکی پێشرەو لە کوردستان، هەروها پێگەی کۆمەڵەی لە ڕێبەری کردنی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد بەرز نرخاند و ئەرکەکانی کۆمەڵەی بۆ وەدی هێنانی مافە ڕەواکانی کوردی چەوساوە و بندەست لە کوردستانی ڕۆژهەلات خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتی ئێران و کوردستان و جێگاو تەسیری کۆمەڵە لەم بوارانەدا تەوەرەی دیکەی باسەکانی هاوڕێ محەمەد شافعی بو، لە کۆتاییدا پیرۆزبایی آراستەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، پێشمەرگە شۆرشگێرەکانی کۆمەڵە وسەرجەم خەڵکی کوردستان کرد.

بەشی دیکە تەرخان کرا بۆ پیامی پیرۆزبایی و ووتاری حیزبو ڕێکخراوە سیاسیەکان، جێگەی ئاماژەیە نوێنەری پارلمان فیدرالی کەنەدا "جیم کێریگیانیز" لە قسەکانیدا خوی بەدۆستی کورد ناساندو خۆوشحالی خوی لەو بابەتەوە ڕاگەیاند، هەروەها لە سەر کێشەی کورد، سیستمی فیدراڵی بە سیستمێکی گونجاو بۆ دۆخی کورد لە وڵاتانی بن دەست ناوبرد. پاشان لەسەر داوای بەرێزیان چەند وێنەیکی لەگەڵ هاوڕێ محەمەد شافعی خستو بە نیشانەی دۆستایەتی ئالای کەنەدای وەک دیاری پێشکەش هاوڕێ محەمەدشافعی کرد.

پاشان حیزبو ڕیکخراوەکانی دیکەش پەیامەکانیان پێشکاش کرد کە بریتی بۆ لە؛

١- یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عێراق.

٢- پارتی دێموکراتی کوردستان عێراق.

٣- حیزبی دیموکراتی کوردستان.

٤- حیزبی دیموکراتی کردستانی ئیران.

٥- ریکخراوی ژنانی کۆمەڵە.

٦- ماڵی کورد له تۆرنتۆ.

هەواڵنیری رۆژهەلات تی.ڤی راپۆرتی ریو رەسمەکەو چەند ووتوویژیکی لەگەل ئەندامان و پیشمەرگە دیرینەکان لەم مەلبەندەوە بەشداربوان ئەنجام درا. له کۆتایی بەشی یەکەمی ریوڕەسمەکە 38چیکە گولی سوور بو پیروز کردنی سەرجەم ٣٨ ساڵ خەباتی نەهینیو ئاشکرای کۆمەڵە له نیو بەشداربوان بلاو کراوە کە بو جیی خۆشحالیان.

بەشی دووهەمی مەراسمەکە بریتی بو له گۆرانیو هەڵپەرکی که به بەشداری هونەرمەندانی لاو ایوب علی و فواد نەراقی بە هاوکاری تیپی مۆسیقای تایبەتی و هەڵپەرکیی گەرموگوری بەشداربوان بە ریوە چوو.هۆنەرمەندی گۆرانی بیژ سیرووس چەند گۆرانیەکی پیشکەش کرد، بەم جوره تا سەعات ٣ی بەیانی جەژنو شایی بەردەوام بوو بە جورەیەک که هەمو بەشداربوان بە رەزامەندیەوە شوینی بەرنامەکەیان بەجیهیشت.

لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵە لە ئامریکا و کەنەدا سپاسو پیزانینی خۆمان ئاراستەی هەمو ئەو کەسانە دەکەین کەبەشداریان له مە راسمی رۆژی کۆمەڵە کردو ئەو کەسانەی یارمەتیان کردوین تاکو باشتر بەرنامەکان بەریوەبچن.

**بژی کۆمەڵە**

**سەرکەوتو بێ بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد.**

**کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان ئیران**

**مەڵبەندی ئامریکای باکوور**

February ٣ , ٢٠٠٨

























[www.komala.org](http://www.komala.org)
**E-mail:** [northamerica_komala@yahoo.com](mailto:northamerica_komala@yahoo.com)

**Mobile:+**
**Teflon:+** 416-8509980
**Fax:+** 416-8509980